مۆزەکانی نەنک

# Grandma’s bananas


Ursula Nafula
Catherine Groenewald
Agri Afshin


4

کوردی ckb / English en

باغچەکەی نەنە پڕ بوو لە گەنمەشامی و هەرزن و مانیۆك. بەڵام مۆزەکان لە هەموان باشتر بوون. هەرچەند کە نەنکم نەوەی زۆری هەبوون، بەڵام من بەنهێنی زانیم، کە من لای ئەو لە هەموان خۆشەویسترم. ئەو زۆربەی کاتەکان منی بۆ ماڵی خۆی بانگێشت دەکرد. هەروەها ئەو نهێنی وردی پێ دەگوتم. بەڵام ئەو نهێنییەکی هەبوو کە لە منی ئاشکرا نەدەکرد: ئەو مۆزە گەیوەکانی لە کوێ دادەنان.

• • •

Grandma’s garden was wonderful, full of sorghum, millet, and cassava. But best of all were the bananas. Although Grandma had many grandchildren, I secretly knew that I was her favourite. She invited me often to her house. She also told me little secrets. But there was one secret she did not share with me: where she ripened bananas.

رۆژێکیان من سەبەتەیەکی حەسیری گەورەم بینی کە لە دەرەوە لەبەر ماڵی نەنکم داندرابوو. کاتێك کە من پرسیارم لێ کرد ئەوە بۆ چییە، وەڵامێك کە وەرمگرتەوە ئەوەبوو : “ئەوە سەوەتە جادووەکەی منە.” لە تەنیشت سەبەتەکە، گەڵای دارەمۆزێکی زۆری لێ بوو کە نەنکم سەروبنی پێ دەکردن. من بە حەزەوە پرسیارم لێکرد: “نەنە ئەو گەڵایانە بۆچی بەکار دێنی ؟” تاقە وڵامێك کە دەستم کەوت ئەوە بوو : “ئەوانە گەڵا جادووەکانی منن.”

• • •

One day I saw a big straw basket placed in the sun outside Grandma’s house. When I asked what it was for, the only answer I got was, “It’s my magic basket.” Next to the basket, there were several banana leaves that Grandma turned from time to time. I was curious. “What are the leaves for, Grandma?” I asked. The only answer I got was, “They are my magic leaves.”

تەماشاکردنی نەنک، مۆزەکان، گەڵای دارە مۆز، سەبەتە گەورە حەسیرییەکە زۆر سەرنجڕاکێش بوو. بەڵام نەنکم منی بۆ کارێك بۆ لای دایکم نارد. “نەنە، تکایە، لێمگەڕێ کاتێك تۆ ئامادەی دەکەی بە چاوت لێکەم...” ئەوتکای کرد: “کچم هێندە لاسار مەبە، ئەو کارەی پێم گوتی بڕۆ ئەنجامی بدە.” من بە هەڵاتن ئەوێم بە جێ هێشت.

• • •

It was so interesting watching Grandma, the bananas, the banana leaves and the big straw basket. But Grandma sent me off to my mother on an errand. “Grandma, please, let me watch as you prepare...” “Don’t be stubborn, child, do as you are told,” she insisted. I took off running.

کاتێك گەڕامەوە نەنکم لە دەرەوە دانیشتبوو، بەڵام سەبەتەکە ومۆزەکان لەوێ نەبوون. “نەنە، سەبەتەکە لە کوێیە ؟ مۆزەکان لە کوێن و لە کوێن ...؟” بەڵام تاقە وەڵامێك دەستم کەوت، ئەوە بوو: “ئەوان لە جێگا جادویەکەی منن.” ئەوە زۆر هیوابڕاوکەر بوو!

• • •

When I returned, Grandma was sitting outside but with neither the basket nor the bananas. “Grandma, where is the basket, where are all the bananas, and where...” But the only answer I got was, “They are in my magic place.” It was so disappointing!

دوو رۆژ دواتر، نەنکم منی نارد کە وەکازی لە ژووری نوستنەکەی بۆ بێنم. هەر کە دەرگاکەم کردەوە بۆنێکی زۆری مۆزە گەیوەکانم کرد. لە قوژبنی ئەو ژوورەکەدا، سەبەتە گەورە حەسیرییە جادووە کەی نەنکمی لێ بوو. ئەو بە جوانی بە پەتوویەکی کۆن شاردرابۆوە. من لە سەرم هەڵدایەوەو بۆنێکی خۆشم کرد.

• • •

Two days later, Grandma sent me to fetch her walking stick from her bedroom. As soon as I opened the door, I was welcomed by the strong smell of ripening bananas. In the inner room was grandma’s big magic straw basket. It was well hidden by an old blanket. I lifted it and sniffed that glorious smell.

دەنگی نەنکم رایچڵەکاندم، کاتێک بانگی کردم: “ئەوە تۆ چی دەکەی؟ زووکە وەگازەکەم بۆ بێنە.” منیش بە پەلە پەل بە وەگازەکەیەوە هاتمە دەرەوە. نەنکم پرسی: “ئەوە بە چی پێدەکەنی؟” پرسیارەکەی وای لێکردم کە ئێستاش زەردەخەنەم لە سەر لێوان بێت بە ئاشکرا کردنی جێگا جادووەکەی ئەو.

• • •

Grandma’s voice startled me when she called, “What are you doing? Hurry up and bring me the stick.” I hurried out with her walking stick. “What are you smiling about?” Grandma asked. Her question made me realise that I was still smiling at the discovery of her magic place.

رۆژی پاشتر، کاتێک نەنکم بۆ سەردانی دایکم هاتبوو، من بە خێرایی بۆ ماڵەکەی رۆیشتم تا جارێکی دیکە چاوم بە مۆزەکانی بکەوی. هێشویەک مۆزی زۆر گەیشتووی لێبوو. من دانەیەکیانم برد و لەناو کراسمدا شاردمەوە. پاشان سەبەتەکەم داپۆشیەوەو چوومە پشت خانووەکە و بە پەلە خواردم. ئەوە شیرینترین مۆزێک بوو کە تا ئێستا تامم کردبوو.

• • •

The following day when grandma came to visit my mother, I rushed to her house to check the bananas once more. There was a bunch of very ripe ones. I picked one and hid it in my dress. After covering the basket again, I went behind the house and quickly ate it. It was the sweetest banana I had ever tasted.

ڕۆژی دواتر کاتێك نەنکم لە باخچەکەدا خەریکی سەوزی ڕنینەوە بوو، من بەدزیەوە چوومە ژوورەوە و تەماشای مۆزەکانم کرد. زۆربەیان پێگەیشتبوون. من نەمتوانی کە خۆم رابگرم و هێشوویەکی چوار دانەم هەڵگرت. کاتێك کە بە ئەسپایی بەرەو دەرگاکە دەڕۆیشتم، لە دەرەوە گوێم لە دەنگی کۆخەی نەنکم بوو. من تەنیا توانیم مۆزەکان لە ژێرکراسەکەمدا بشارمەوە و بەپشت ئەودا بڕۆم.

• • •

The following day, when grandma was in the garden picking vegetables, I sneaked in and peered at the bananas. Nearly all were ripe. I couldn’t help taking a bunch of four. As I tiptoed towards the door, I heard grandma coughing outside. I just managed to hide the bananas under my dress and walked past her.

رۆژی پاشتر رۆژی بازاڕ کردن بوو. نەنە بەیانی زوو لە خەو هەستابوو. ئەو هەمیشە مۆزی گەیوو و مانیۆکی دەبرد کە لەبازاردا بیانفرۆشێت. من بۆ سەردانی ئەو لەو رۆژەدا پەلەم نەکرد. بەڵام من نەمدەتوانی بۆ ماوەیەکی زۆر خۆمی لێ دوور بخەمەوە.

• • •

The following day was market day. Grandma woke up early. She always took ripe bananas and cassava to sell at the market. I did not hurry to visit her that day. But I could not avoid her for long.

درەنگانێکی ئەو شەوە لە لایەن دایکم، باوکم و نەنکم بانگکرام. من دەمزانی بۆچیە. ئەو شەوە کاتێک من چووم راکشێم کە بخەوم، دەمزانی من جارێکی دیکە هیچ کات ناتوانم نە لە نەنکم، نە لە دایک و باوکم و بێ گومان نە لە هیچ کەسێکی دیکە دزی بکەم.

• • •

Later that evening I was called by my mother and father, and Grandma. I knew why. That night as I lay down to sleep, I knew I could never steal again, not from grandma, not from my parents, and certainly not from anyone else.

# Global Storybooks

globalstorybooks.net

## مۆزەکانی نەنک

## Grandma’s bananas


Ursula Nafula
Catherine Groenewald
Agri Afshin (ckb)


CC BY